www.kurdistannet.org
15-2-2007 15:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەزمونی هه ڕێمی کوردستان و ئه زمونی یه کگرتوو ... نالی پێنجوێنی

سویسرا



له م ڕۆژانه دا یه کگرتوو ی ئیسلامی کوردستان، سیازده هه مین ساڵیادی خۆیده کاته وه، له م یاده دا جگه له پیرۆزبایم، هیوای دوا ڕۆژێکی پرشنگداری بۆ ده خوازم. داوای چه ند به ڕێزێك دڵخۆشی کردم، که وه ك ڕۆشنبیرێك له وباره وه هه ڵسه نگاندن و پێشنیارو تێبینی و ڕه خنه کان له باره ی ئێستاو داهاتووی یه کگرتووه وه بنوسم.

بێگومان دوازده ساڵ ته مه ن، بۆ هه ر پارت و ڕێکخراوێك موده یه کی زه مه نی گونجاوه، تا هه ڵسه نگاندن بۆ پرۆژه و هه ڵوێسته کانی بکرێت و خاڵه به هێزو لاوازه کانیشی دیاری بکرێن.

سه ره تا ده مه وێ ئه وه بڵێم که یه کگرتوو حیزبێکی کاراو ڕه سه نی سه رگۆڕه پانی سیاسی کوردستانه. باگراونده فیکریه که ی وه ك حیزبێکی ئیسلامی درێژه پێده ری بیروباوه ڕو کولتوورو فه رهه نگی زیاتر له هه زار ساڵی نه ته وه ی کوردو پاراستنی مۆرکی ڕه سه نایه تییه تی. چونکه هه ڵگری بیروباوه ڕو ئایدۆلۆژییه کی نامۆوبێگانه نییه به کۆمه ڵانی خه ڵکی کوردستان. جگه له وه ش کارکردنی به شێوازێکی سیاسی سه رده میانه و دوور له میلیشیاو جبه خانه و هێزی سه ربازی، خاڵێکی به هێزو جیاکه ره ی بووه له پارته ته قلیدیه کانی کوردستان.

دروستکردنی حیزبی بێ میلیشیا، له و ڕۆژگاره دا داهێنانێکی نه وعی وجۆرێکیش له ریسك بوو له خه بات و سیاسه تدا. به تایبه ت له و کاته ی که شه ڕی کورد کوژی یه خه ی ناوماڵی کوردی گرتبوو. به پێچه وانه ی کۆمه ڵگه یه کی پێشکه وتوو ئازادو ته ندروسته وه، ته نها له ڕێی میلیشیاو لوله ی تفه نگه وه مافه کان ده سته به رو پارێزراوبوون. زۆرێك له پارتوو ڕێکخراوه کانی کوردستان به سه ر دوو مه عه سکه ری زه ردو که سکا دابه شبووبوون و هه رلایه ك له ناوچه و ده قه رێکا ده سه ڵات و کارو چالاکیانی قه تیس مابوو. یه کگرتوو به سیاسه تی حه کیمانه و دڵسۆزی و خۆڕاگری ئه ندامانی توانی ئه ونه ریته دواکه وتوه ی ئه ورۆژگاره ی کۆمه ڵگه ی کوردی وده سه ڵاتی حیزب تێپه ڕێنێت و له سه رتاسه ری کوردستاندابێلایه نانه درێژه به خه بات و چالاکی خۆی بدا و ده ستی به خوێنی ڕۆڵه ی کورد سورنه بێت و مێژویه کی پڕ سه روه ری بۆ خۆی تۆماربکات. جگه له وه ش هه وڵه کانی بۆ یه کخستنه وه ی ماڵی کوردو ئاشتی و ئاشته وایی له به رچاون و که س ناتوانێ نکولی لێ بکات. گه ر به خێرایی ته ماشای کارو چالاکیه کانی یه کگرتوو، له دوانزه ساڵی ڕابردوودا بکه ین، به سه دان پۆژه ی خزمه تگوزاری و پێگه یاندنی وه ها زاران لاوی ڕۆشنبیرو ئه کتیڤ و ده ستپاك و دڵسۆزو نمونه یی پێشکه ش به کۆمه ڵگه ی کوردی کردووه، ئه وه ش خزمه تێکی گرنگه و به هه موو که س ناکرێت.

خوێندنه وه و تێگه یشتنی لۆژیکی و واقیعیانه ی ئه و فه زا دیموکراسییه ی کوردستان! ڕێخۆشکه ره بۆ وه ڵامدانه وه ی زۆرێك له و پرسیارانه ی که له مرۆو له داهاتوودا له لایه ن هه ندێ له ئه ندامان ولایه نگرانی وخه ڵکێکی زۆری ده ره وه ی یه کگرتووه وه رووبه ڕوو ی ده بنه وه. گوایه یه کگرتوو له سه ره تاوه باشی هێناوه و ئێستە چاوه ڕوانی ئه وه ی لێناکرێ ببێته هێزێکی به رهه ڵستاکاری گه وره و پێشه نگی ئه و توێژوو لایه نانه ی کۆمه ڵ بکات که چاوه ڕوانی گۆڕانن!؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

به هۆی باری ناله باری کوردستان و ئه و گه نده ڵیه زۆره ی ده سه ڵات و که می خزمه تگوزاریه کان و نه بوونی سیسته مێکی دادپه روه ر و دیموکراسیه وه، بێزاری و بێتاقه تی خه ڵکی له ده سه ڵاتی پارتی ویه کیه تی له ئاستێکی به رزدایه و له گشت کات زیاتره، زه مینه و که ش و هه وای دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن له ڕویه که وه له باره، به ڵام ئه توانم بڵێم له چه ند ڕوویه که وه هاتنه دی ئه وخه ونه له مرۆدا گه ر نه ڵێم مه حاڵه ئه وا کارێکی ئاسان نیه.

ئه و هۆکارو گرفتانه ی ڕێگرن له مرۆدا یه ککرتوو ببێته ئۆپۆزیسێۆنی ڕاسته قینه و وه ڵامده ره وه ی خواسته کانی خه ڵك ئه مانه ن:

1- له کوردستاندا په رله مان و حکومه ت و ده سه ڵاتی دادوه ری سه ربه خۆو ئازادو لێکجیانین، یاسا ش کارپێکراوو ڕێزلێگیراوو سه روه ر نیه، حیزب وه ك (ئه خته بوت) ده یان په لی هاویشتوه و هه موو ده سه ڵاته کان و دام و ده زگاکانی ده وڵه تی مۆنۆپۆلکردووه، حیزب واته په رله مان وحکومه ت و دادگاو به پێچه وانه شه وه، تائێسته ش مه کته بی سیاسی هه ردوو حیزبی ده سه ڵاتدارخاوه ن بڕیارن نه ك دام و ده زگا شه رعیه کانی ده وڵه ت.

2- کولتوری فره یی و پێکه وه ژیان و قوبوڵکردنی یه کتری و ئاڵوگۆڕکردنی ده سه ڵات به شێوه یه کی ئاشتی و دیموکراسی و له ڕێی سندوقه کانی ده نگدانه وه زۆر له ئاستێکی نزمدایه و تائێستاشی له گه ڵدابێ هه ردوو حیزبی ده سه ڵاتدار به ناچاری نه بێت یه کتریان قوبوڵ نیه. چ جای ئه وه ی هێزی سێیه م قوبوڵ بکه ن!؟. حیزبایه تی له ڕۆژهه ڵات به گشتی و کوردستان به تاییه تی، له هۆکارێکی خزمه تکردن و سیاسه تکردنه وه بوه ته ئامانج. ده سه ڵاتداران له پێناوی حیزب و ما نه وه ی کورسیه کانیان هه موو هۆکارێکی نایاسایی ده گرنه به ر، هه رله کڕینی وه لائی خه ڵك به پاره و ئیمتیازات وئیستغلالکردنی سه روه ت و سامانی ده وڵه ت، تا فشاروهه ڕه شه و تۆمه تبارکردن به خیانه ت و هه ڵکوتانه سه ر باره گاو گرتنی ئه ندامانی ئه و ئۆپۆزیسۆنه ی مه ترسی ئه وه ی لێبکه ن به ڕه له ژێرپێیان ڕابکێشێ، {وه ك ئه و شێوازه نادیموراسیانه ی که له بادینان ڕویاندا }. جگه له وه ش له ساڵانی ڕابردوودا ده یان ئه ندامی یه ککرتوو له ئاکرێ و شاربازێڕو وپێنجوێن و شاره کانیترله سه ر چالاکی سیاسی و یه ککرتووبون ده ستگیرده کران وله وه زیفه وکار بێبه ش ده کران.

3- ڕۆشبیریی وهۆشیاریی سیاسی هاوڵاتیان و تێڕوانینیان بۆحکومه ت و به ڕێوه بردنی ده سه ڵات له ئاستێکی نزمدان، هاوڵاتییان له جیاتی سزادانی لێپرسراوه گه نده ڵ و مشه خۆره کانی حیزبی خاوه ن ده سه ڵات به ده نگ پێنه دانیان له هه ڵبژاردندا، هه روه ها دروستکردنی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن و ڕکه به ر که بتوانێ ئه و باره ڕاستبکاته وه له که سێکی خاوه ن تواناو ئه کتیڤه وه ئه بنه که سێکی پاسیڤ وده سته وسان. به پێچه وانه ی وڵاتان و گه لانی پێشکه وتوو که هه رکات که موکوڕی له پارته ده سه ڵاتداره کانه و ه ببینن خێرا هه وڵی گۆڕان و سزادانیان ده ده ن به ده نگدان به پارته ڕکه به رو موناڤیسه کانیان.

بۆ زیاتر کاراکردنی یه ککرتوو به ره وپێشچونی و بوونی به ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاسته قینه و وه ڵامده ره وه ی خواسته کانی جه ماوه ر پێشنیاری ئه م خاڵانه ده که م:

1- ڕاگه یاندنی یه ککرتووله ئاستی پێویستا نیه و گرنگیدانی زیاتری ده وێت وهه وڵبدرێ مۆرکی حیزبی بوونی کاڵتربێته وه، زیاترگرنگی به بابه ته هه نوکه ییه کانی دونیاو ناوچه که و کوردستان بدات و به دوای کێشه و خه م و گرفته کانی هاوڵاتیانه وه بێت. هه وڵی جدی بدرێت بۆ خستنه گه ڕی که ناڵه ئاسمانیه که و هۆکاره کانی دواکه وتنیشی باسبکرێت. ڕۆشنبیران ونووسه رانی ده ره وه ی یه ککرتوو هانبدرێن بۆ به شداریان له ڕاگه یاندنه کاندا به تاییه ت له هه فته نامه دا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2- هه وڵدان بۆ دروستكردنی به ره یه كی ئۆپۆزیسیۆنی بنكه فراوان له هێزه سیاسیه كان و ڕێكخراوه كانی كۆمه ڵگه ی مه ده نی و ڕۆشنبیران، تاله كاتی فشارو ململانێدا ده سه ڵات نه توانێت ململانێكان به ئاقارێكی نه خوازراودا به رێت، هه روه ها فشاری ده سه ڵاتیش به ته نها ڕوو به یه ك لایه ن نه بێته وه و دواتریش ته حه مول نه كرێت.

3-هاوپه یمانی و شه راكه ت و دۆستایه تی یه كگرتوو له گه ڵ هه ردوو حیزبی خاوه ن ده سه ڵات له عومومیات ده رچێت و زۆر شه فاف و ڕاشكاوانه قسه ی له سه ربكرێ. چونكه هاوپه یمانی و شه راكه ت یه كلایه نه ناكرێت و پێویسته هه ردوولا له قسه وه هه وڵی پراكتیك كردنی بده ن. به داخه وه له ماوه ی ڕابردوودا پارتی و یه كێتی به چاوی هاوپه یمان و دۆسته وه ته ماشای یه كگرتوویان نه كردووه، هه میشه هه وڵی په راوێزكردنیان داوه و به گومانه وه مامه ڵه یان له گه ڵ كردووه.

4- له و كاتانه ی كه به رژه وه ندی و مافه كانی یه كگرتوو پشتگوێ ده خرێن و حسابیان وه ك خۆی بۆ ناكرێت، یاخود به ڕۆژی ڕۆشنا تۆمه ت و درۆو ده له سه ی بۆ هه ڵئه به سترێ، پێویسته یه كگرتوو وه ك هه میشه {له به ر ناسكی بارودۆخه كه و به رژه وه ندی باڵا!؟} به سه ر ئه وجۆره كارانه دا بازنه دات، به ڵك وهه وڵبدات ڕوونكردنه وه ی پێویست و گونجاو له و باره وه بدات و خۆڕاگری و سووربونی زیاتر بنوێنێت و زۆرترین سوود له و جۆره ره فتاره نادیموكراسیه ی به رامبه ر ببینێت نه ك به پێچه وانه وه.

5- به شداریكردنی ره مزیانه ی یه كگرتوو له حكومه تدا له به رژه وه ندی یه كگرتوودا نییه، جگه له وه ش به وه زاره تێكی تازه دامه زراوو وه زیرێكی هه رێم هیچ له حاڵه ته كه ناگۆڕێ و ئه وبه شداریكردنه ره مزیه ش بۆ
دوورخستنه وه ی یه كگرتووه له به ره ی جه ماوه ر، بۆیه زۆر پێویسته په رله مانترو وه زیرو كاربه ده ستانی یه كگرتوو به پلانی وردوو وریایه وه كاره كانیان ئه نجام بده ن و بوێرانه باسی ناته واوی و كۆسپ وته گه ره كانی به رده م كاره كان و به گژاچونه وه ی گه نده ڵی و ڕۆتین و بیرۆكراسیه تی ده زگاكان بكه ن و شه فافانه ڕاستییه كان بۆ هاوڵاتیان ڕوونبكه نه وه. گونجاوتربووگه ر په رله مانتارو وه زیرو خاوه ن پۆسته كانی تر له حكومه تدا له ئه ندامانی مه كته بی سیاسی و سه ركردایه تی یه كگرتوو نه بوونایه و كه سانی ڕیزی دووه می حیزب وته كنۆقرات بوونایه، چونكه له مرۆدا ئه وده زگایانه ئه وه نده چالاك نین تا توانا شه خسیه كان گۆڕانكای تێدا ئه نجام بده ن، جگه له وه ش كه سانی یه كه می حیزب به هۆی پۆسته تازه كانیانه وه سه رقاڵی زۆر ڕویان تێده كا و وه ك پێویست به كاری حیزبدا ڕاناگه ن.

له كۆتاییدا ده ڵێم یه كگرتوو هه ر له سه ره تای دامه زراندنیه وه به خه مخۆری و لێبڕان و دڵسۆزی و حیكمه ت و برایه تی و یه كریزی و خۆشه ویستی ناوخۆ و جه ماوه ره كه ی، توانیویه تی زۆرله و گرفتانه تێپه ڕێنێت كه توشی هاتون و ببێته هێزی سێیه می سه رگۆڕه پانی كوردستان. جگه له وه ش ره گه زو توخمه كانی بوونه ئۆپۆزیسیۆنێكی كاراو ئه كتیڤی تێدایه و ئه وه ش ته نها به ستراوه به كاته وه، بۆیه دوارۆژێكی ڕوون و لێپرساوی گه وره چاوه ڕێیه تی. هه ركه س و لایه ك به ویژدانه وه ته ماشای حاڵه تی سیاسی و ئه زمونی هه رێمی كوردستان له پانزه ساڵی ڕابردوودا بكات، ده زانێ گه شترین و جوانترین خاڵی بریتیه له ئه زمونی یه كگرتووی ئیسلامی كوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.